
# کۆمەڵگەی نەریتی کچ بە قوربانی کوڕان دەکات



جگە لە کۆمەڵگە پێشکەوتووەکان کە ئافرەتان تێیدا تا رادەیەك مافەکانیان دەستەبەر کراوە و جیاوازییە رەگەزییەکان کاڵتر کراوەتەوە، لە زۆربەی کۆمەڵگە نەریتی و دواکەوتووەکاندا نەك هەر یەکسانیی رەگەزی بایەخی تەواوی پێنەدراوە، بگرە سەرەتاییترین مافەکانیشیان پێشێل دەکرێ. لە کۆمەڵگەی کوردیش پەندێکی پێشینان هەیە کە دەڵێت: «کوڕی خۆت بە قوربانی کچی خەڵکی مەکە»، هەر ئەو نەریتەش وایکردووە بۆ چارەسەری هەموو کێشەیەکی کوڕان، کچێك بکەن بە قوربانی، کە نموونەی بەرچاویان لە کاتی هاوسەرگیریدایە و کوڕ ئەگەر شەڕەنگێز بێت، یاخود نەخۆشی دەروونی هەبێت، تەنانەت ئەگەر عەقڵی نوقسان و شێتۆکەش بێت، دەڵێن: ژنێکی بۆ بهێنن، باش دەبێت. بەڵام ئەو قوربانیدانە بە کچان، تا کەی بەردەوام دەبێت و چۆن دەبێت لەگەڵ ئەو دیاردە نەرێنییە رووبەڕوو ببینەوە؟ بەشداربووانی ئەم راپۆرتەی گوڵان وەڵامی ئەو پرسیارانە دەدەنەوە.

مەهاباد حاجی ئافرەتی ماڵەوەیەوە و خۆی بە یەکێك لە قوربانییەکانی هاوسەرگیری دەزانێت و دەڵێت: «دوای ئەوەی خوشکە بچووکەکەم خوازبێنی هات و بەر لە من هاوسەرگیری کرد و دواتر بوو بە دایك، ئەندامانی خێزانەکەم بە چاوێکی جیاوازتر لە جاران سەیریان دەکردم، کە ناتوانم هیچ ناوێکی لێ بنێم. باوك و براکانم بە چاوی دوژمن، دایکیشم بە چاوی بەزەیی پێداهاتنەوە سەیریان دەکردم. ئەو تەماشاکردنە نائاساییەی خێزانەکەم وایکرد بە یەکەم خوازبێنیکەر رازی بم و هاوسەرگیری لەگەڵ بکەم. رۆژان هاتن و تێپەڕین، کوڕێکی دەوڵەمەند هاتە خوازبێنیم، بەڵام باری دەروونی تەواو نەبوو، کەسوکارەکەی گوتیان: دوای مردنی دایکی وایلێهاتووە و دکتۆر دەڵێت تەنیایی وای لێکردووە و سەید و شێخەکانیش وتوویانە ژنی بۆ بێنن، چاك دەبێتەوە. منیش بۆ رازیکردنی خێزانەکەم بەو هاوسەرگیرییە قایل بووم، کەچی باری دەروونی هاوسەرەکەم رۆژ لە دوای رۆژ خراپتر دەبێ، تەنیا ئیش و کاری جگەرەکێشان و چاخواردنەوەیە، شەو تا بەیانی بە ئاگایە و خەوی نییە، تەنانەت خۆم و سێ منداڵەکەشمان لە بارێکی دەروونی زۆر خراپداین، خەریکە وەکو ئەومان لێ دێت.»

ئەو بەسەرهات و باری گوزەران و ژیانەی مەهاباد حاجی، شتێکی دەگمەن نییە. زۆربەمان گەلێك جار بیستوومانە کاتێك دوو باوك، یان دوو دایك باسی کێشەیەکی کوڕەکەیان دەکەن، چارەسەرەکە بەوە کۆتایی دێت کە یەکێکیان دەڵێت: ژنێکی بۆ بێنن، چاك دەبێت! واتە گەر کوڕەکە دەستی بڵاوە و پارە زۆر خەرج دەکات، دەڵێن: ژنێکی بۆ بهێنن باش دەبێت. رەزیلە و یارمەتی کەس نادات، دەڵێن: ژن بهێنێت وا نامێنێت، شەڕفرۆش و شەقاوەیە، دەڵێن: ژنێکی بۆ بهێنن باش دەبێت. لە خوێندن فاشیلە، دەڵێن: کوڕە چی داوە لە خوێندن، دە ژنێکی بۆ بهێنن. تەنانەت ئەگەر درەنگ دێتەوە و سەرسەرییە و فێری خواردنی حەب و خواردنەوەی کحوولیش بووە، دەڵێن: ژنێکی بۆ بهێنن باش دەبێت! هەر ئەوەندە ماوە، کچ بخرێتە سەر رەفەفە و لە دەرمانخانەکاندا دابندرێت و دکتۆر وەك چارەسەر بۆ کوڕەکانی بنووسێت.

کۆمەڵناس روفیا رەمەزان عەلی کە دانیشتووی وڵاتی سویدە، سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە «لە جاڕنامەی مافی مرۆڤدا هاتووە: هەموو ئینسانێك ئازاد لە دایك دەبێ، بۆیە پێویستە بەهای یەکسانی لە کۆمەڵگەدا هەبێت. بەڵام ئەوەتا لە سەدەی ٢١یشداین، کەچی هێشتا نیوەی کۆمەڵگەی مرۆیی لە چەندین مافی خۆیان بێبەرین کە لە جاڕنامەی مافی مرۆڤدا هاتووە». گوتیشی : بەداخەوە کە ناوی مافی مرۆڤ دەبەین، مرۆڤ بە پیاو پێناسە دەکرێت و ژنان هەمیشە دەکەونە پەراوێزەوە. بۆیە هەموو چەشنە توندوتیژییان چ لەناو خێزان و چ لەناو کۆمەڵگەدا دەرهەق دەکرێت. هوکارەکانی ئەم دیاردەیەش ئەوەیە کە بە زۆرینەی ژنان بە مافەکانی خۆیان ئاشنا نین، یان بە ئەنقەست رێگەی بێدەنگی هەڵدەبژێرن. واتە کەم نین ئەو ژنانەی کەوا ئامادەن هەموو زوڵم و زۆرێك قبووڵ بکەن، بە مەرجێك بتوانن لای ماڵ و منداڵیان بمێننەوە، یان بە هۆێ بێ پارەیی و دەستکورتییەوە ناچار بێدەنگی هەڵدەبژێرن. تەنانەت منداڵانی کچ هەر لە تەمەنی منداڵییەوە لەگەڵ دنیای هەڵاواردن و جیاوازی رەگەزی ئاشنا دەبن و لەگەڵ بێڕەحمی کۆمەڵگە و خێزان رووبەڕوو دەبنەوە، زۆر جار پێش لە دایکبوونیان بە هۆی ئەوەی کچن لە بار براون، یان بە شێوەی پێویست چاودێری ناکرێن و لە تەمەنی ساواییدا گیانیان لە دەست دەدەن. هەروەها لە ژێر ناوی شەرەف و ناموس رۆژانە دەیان ژن بەو پەڕی دڵڕەقییەوە دەکوژرێن. یاساکان لە کێشە خێزانیەکاندا بە بێ پرسینەوە لە ژن لایەنی پیاوان دەگرن، ژنی دایك کە ئەرکی گەورەکردن و پەروەردەی لەئەستۆیە، چۆن دەتوانێ منداڵی ئازاد و بەختەوەر پەروەردە بکات، کاتێك خۆێ دیلی دەستی خێزان و کۆمەڵگە بێت؟ هەر بۆیە دەبینین زۆربەی کچانی کۆمەڵگەی ئێمە بە هەموو شێوەیەك مافەکانیان پێشێل دەکرێ و تەنانەت لە کاتی هاوسەرگیریش خاوەن ئیرادەی خۆیان نین».

عارف روشدی راوێژکاری مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان، سەبارەت بە هەمان پرس تایبەت بۆ گوڵان دەڵێت: «کۆمەڵگەی کوردەواری هێشتا نەیتوانیوە هەنگاوی چەسپاو بنێت و سنوور و سەردەمی کۆمەڵگەی کشتوکاڵی دەربازی بکات، پەیوەندییەکانی کۆمەڵایەتی بە شێوەیەکی دیاکتیکییانە بەستراون بە رادەی پێشکەوتنی قۆناغەکانی کۆمەڵگەوە، هەروەها هەر قۆناغێك چەندین خەسڵەت و ئەخلاقییاتی خۆی هەیە، بۆیە کاتێك باسی ئاستی ئافرەت دەکەین لە رووی ئەکتەربوونی کۆمەڵایەتییەوە دەبێ ئەو کێشەیە لە بەرچاوبگرین، راستە لە شێوەدا کۆمەڵگەی کوردی هەندێ روخساری مەدەنییەت و قوناغی دەستپێکردنی بازرگانی کە دەکاتە پێش دەستپێکردنی قۆناغی پیشەسازی بە خۆوە گرتووە، بەڵام بەداخەوە زۆربەی کارە بازرگانییەکان نابنە هۆکاری بنیادنانەوەی کۆمەڵگەیەکی نوێ، خاوەن کارەکان تەنها بیر لە ئاستی قازانجی زۆر و لە کاتێکی زوودا دەکەنەوە. بۆیە هێشتا مافەکانی مرۆڤ و بەتایبەتی یەکسانی لە نێوان هەردوو رەگەزدا لە دۆخێکی نالەباردایە. پێویستە لایەنە پەیوەندیدارە فەرمی و کۆمەڵایەتییەکانمان پلانێکی پتەو دابڕێژن، لە بواری هۆشیارکردنەوەی چین و توێژە کۆمەڵایەتییەکان بە شێوازی جودا جودا، لەوانە پێویستە لە قوتابخانەکان و هەر لە ئاستی خوێندنی سەرەتاییەوە تا زانکۆ (مافەکانی مرۆڤ، جێندەر و ناڕەوایی جیاکاری رەگەزی ) بکرێنە دوو وانەی بنەڕەتی و بایەخی جددی پێبدرێت.

هۆشمەند چەکوانی وەك میدیاکارێك رایوایە: «رەنگە کچان لە کاتی هاوسەرگیری هەندێ جاردا ببنە قوربانی، بەڵام لە زۆربەی کاتەکاندا کچ چارەسەرە نەك قوربانی. چونکە بەرپرسیارەتی دەخاتە ئەستۆی کوڕێك، واتە ئەو بەرپرسیاریەتییەی دوای پرۆسەی هاوسەرگیری دەکەوێتە سەر شانی کوڕ، پێشتر هیچ بەرپرسیاریەتییەکی وای نەبووە، یان بەرپرسیاریەتییەکەی لە ئاستێکی نزمدا بووە. بۆ هەموو ئەو پرسیارانەی وابەستەی ئەم بابەتەن، رەنگە وەڵامەکە هەر ئەوە بێت کە دوای پرۆسەی هاوسەرگیری کوڕەکە بیەوێ، یان نەیەوێ، دەکەوێتە ژێر بەرپرسیاریەتی ماڵ و هاوسەر و دواتریش منداڵ. تەنها لە ئەگەری سەرنەکەوتنی پرۆسەکە دەکرێ بڵێین کچەکە قوربانییە، هەرچەند لەو کاتەدا کوڕەکەش تا ئاستێك قوربانیدانەکەی بەردەکەوێت. ئاخر لە کۆمەڵگەی ئێمە و ماناندا وەها بیر لە ئافرەت دەکرێتەوە کە دەبێ هەموویان (ناسکەیەك بن بۆ رەجەبێك) ئەوەش گەورەیی کچ و ئافرەتی کوردە، نەك بچووکی. ئافەرین بۆ هەر کچ و ئافرەتێك کە دەتوانێت کاریگەری لەسەر رەفتاری کوڕێکی خراپی هەستنەکردوو بە بەرپرسیاریەتی هەبێت».

پارێزەر ئەردەڵان رەشید، سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە «ئافرەت نیشانەی فیداکاری و نەرم ونیانی و لەسەرخۆییە و هۆکاری سەرختنی هەر خێزانێکە، هەر بۆیە خێزانەکان ژن بە چارەسەرێکی سحری دەزانن بۆ گرفتی کوڕە هەرزەکارەکانیان»، گوتیشی: «لە مێژووی دوور تا ئێستا زۆربەی ئەرکەکانی خێزان لە ئەستوی ژنان بووە. کەواتە ئەم تێڕوانینە کە کچ چارەسەری کێشەکانە، لە گەورە تەماشاکردنی ئافرەتانە، نەوەك بەپێچەوانەوە، راستە لە کۆندا هاوسەرگیری دوور لە بنەما یاساییەکان زۆر باو بوو، بەڵام ئێستا ئەو دیاردەیە بووە بە حاڵەت و زۆر کەم بووەتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە کاری زۆر چڕ و پڕ بۆ بنبڕکردنی بکرێت و لەسەر هۆشیار کردنەوەی ئافرەتانیش پێویستە کاری جددی بکرێت بۆ ئاشنابوون بە مافەکانیان و هەروەها پێویستە لە کاتی رووبەڕووبوونەوەی هەر کێشەیەکی قورس پشتیوانی ماددی ومەعنەوییان بۆ دابین بکرێت.»

**هەر ئەوەندە ماوە، کچ بخرێتە سەر رەففە و لە دەرمانخانەکاندا دابندرێت و دکتۆر وەک چارەسەر بۆ کوڕەکانی بنووسێت**

**کۆمەڵگەی کوردەواری هێشتا نەیتوانیوە هەنگاوی چەسپاو بنێت و لە سنوور و سەردەمی کۆمەڵگەی کشتوکاڵی دەربازی بکات**

**راستە لە کۆندا هاوسەرگیری دوور لە بنەما یاساییەکان زۆر باو بوو، بەڵام ئێستا ئەو دیاردەیە بووە بە حاڵەت و زۆر کەم بووەتەوە**

**پێویستە لە قوتابخانەکان و هەر لە ئاستی خوێندنی سەرەتاییەوە تا زانکۆ (مافەکانی مرۆڤ، جێندەر و ناڕەوایی جیاکاری رەگەزی) بکرێنە دوو وانەی بنەڕەتی و بایەخی جددی پێبدرێت**

# سەرابی هەندران و دۆڕاندنی سۆزی خێزانی

ئەگەرچی تەکنەلۆژیا و ئامێرەکانی گەیاندن کارئاسانی زۆریان بۆ گشت کۆمەڵگەی جیهانی کردووە، بەڵام زۆر جاریش بووەتە هۆکاری کارەسات و لێکترازانی خێزانی و تەنانەت مەرگ و کوشتن و خۆکوژی لێکەوتۆتەوە. هەر لەو بوارەدا تـــۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی ئینتەرنێت پشکی شێریان بەر کەوتووە. نموونەیەکی ئەو قوربانییانە هاووڵاتییەکە کە پێیوایە «سەرابی هەندران» لە سۆزی خێزانەکەی بێبەشی کردووە، راشکاوانەش بەسەرهاتی خۆی بۆ خوێنەرانی گۆڤاری گوڵان دەخاتەڕوو.




له بن سێبەری دارێکی پڕ پۆپ و گەڵای دەرەوەی شار بە تەنیایی دانیشتووە و پەیتا پەیتا پێکێك مەشرووب هەڵدەدات. لێی نزیك دەبینەوە. گوێبیستی گۆرانییەك دەبین. دەنگی خۆشە و گۆرانییەکی خەمگین دەخوێنێ، بەڵام دەنگی دەلەرزێ، کە دەگەینە تەنیشتی، فرمێسکەکانی لە ناو بنە ریشەکەیدا ون دەکات.

ئەوە دیمەنی پیاوێکی تەمەن ٤١ ساڵەیە کە خۆی بە (کاروان) دەناسێنێت. وەك ڕۆژنامەنووس خۆمان پێ ناساند و دوای دەمەتەقەیەکی کورت، کە لە هۆکاری خەمبارییەکەیمان پرسی، ڕازی بوو نهێنی ژیانی خۆی و هەموو ئازارەکانی بە ڕاشکاوی بۆ گۆڤاری گوڵان باس بکات.

کاروان سەرەتا هیوای خواست: هەموو پیاوان پەندی لێ وەربگرن و خۆی وتەنی «هەرگیز هەڵەی وا کوشەندە نەکەن». دواتر وتی: «نەمدەزانی خۆشەویستی چییە، هەر بە زۆرەملێ باوکم ژنی بۆ هێنام و وتی: کوڕم با تووشی گوناە و کێشە نەبیت، خانووی جیاشی بۆ کردم. ڕاستییەکەی سەرەتا ئەو ئافرەتەم خۆش نەدەویست، بەڵام دواتر زۆرم خۆش ویست، ئێستاش وەك ... بۆی پەشیمانم و پەشیمانییەکەشم هیچ سوودێکی نییە».

کاروان بە حەسرەتێکی زۆرەوە باسی بەسەرهات و ژیانی ڕابردووی خۆی دەکات و دەڵێت: «گەرچی بە خۆشەویستی هاوسەرگیریمان نەکرد، بەڵام لە یەکتر زۆر ڕازی بووین. لە ماڵەوە هیچ کێشەیەکمان نەبوو، هەردووکمان فەرمانبەر بووین و داهاتمان باش بوو. ئۆتۆمۆبێل و خانووی خۆمان هەبوو. دوو کوڕ و کچێك بەرهەمی ئەو ژیانە خۆشەمان بوون. دایکی منداڵەکان ئافرەتێکی نموونەیی بوو، لە ناو خزمان دیار بوو. زۆر بەڕێزەوە باسیان دەکرد. منداڵەکانی وەك دەستەی گوڵ پەروەردە دەکرد. بەڵام لە ناکاو من کەوتمە داوی خۆشەویستی. لە ڕێگەی فەیسبووکەوە لەگەڵ ئافرەتێك ئاشنا بووم، ئەویش دایکی دوو منداڵ بوو، بەڵام لەگەڵ هاوسەرەکەی جیا ببوونەوە. ئەو لە وڵاتی هۆڵەندا نیشتەجێ بوو».

کێشەکانی کاروان وەك خۆی باسیکرد لێرەوە دەست پێدەکات، چونکە بە هۆی ئەو خۆشەویستییە هەموو خێزانەکەی لە دەست دەدات. با لە سەر زاری خۆی بزانین چی بەسەر خۆیدا هێناوە. «بۆ ماوەی زیاتر لە هەشت مانگ تا درەنگانی شەو پێکەوە چاتمان دەکرد. هاتوچۆی کەسم نەدەکرد، تەنیا هیوایەتم ئەوە بوو لەگەڵ شەیما چات بکەم و بیبینم. ئافرەتێکی زۆر جوان و خوێن شیرین بوو. سۆزی زۆری پێدەبەخشیم. ئەو پەیوەندییە بەردەوام بوو، تا وای لێهات نەهلە (دایکی منداڵەکان) پێمانی زانی. ئیتر لەو ڕۆژەوە ماڵی ئێمە بوو بە دۆزەخ، منیش زۆر گۆڕابووم. تەنانەت منداڵەکانیشم نەدەدواند. دونیام بە بێ شەیما لەبەر چاو تاریك ببوو. چەند جارێك لەگەڵ دایکی منداڵان بوو بە شەڕمان، چەندین جار تۆرا، دواجار هەڕەشەی جیابوونەوەی کرد، بەڵام من باکم نەبوو. لە خوام دەویست ماڵ چۆڵ بکات بۆ ئەوەی بە ئاسوودەیی پەیوەندی بە شەیماوە بکەم، هیچ شتێکیش جگە لەو بۆم گرینگ نەبوو. ئێمە وا ڕێککەوتین کە سەرەتا من بچمە تورکیا و لەوێ زەواج بکەین و بە فەرمی ئیقامەی هوڵەندام بۆ وەربگرێت. ئەوەشمان جێبەجێ کرد و لە کۆتاییدا بە یەك شاد بووینەوە. بەڵام ژیانی نوێم زۆر جیاواز بوو. شەیما لەبەر چاوی من هەڤاڵە پیاوەکانی ماچ دەکرد. ئەوە بۆ من زۆر سەخت بوو، نەمدەتوانی قبووڵی بکەم. جارێکیان لە سەر خۆڕووتکردنەوەی لە کەناری دەریا بوو بە شەڕمان و تەنیا لە بەر ئەوەی شەپێکم لێدا، زیندانی کرام. دوای ئازادکردنم، ئەو کات زانیم چ هەڵەیەکی کوشندەم کردووە. زۆر بیری نەهلە و منداڵەکانم و بەتایبەتی کچەکەم دەکرد، بەڵام ئەوان ئیهمالیان کردبووم. ئامادە نەبوون تەنانەت قسەم لەگەڵ بکەن. ئیتر تووشی خەمۆکی بووم و بەردەوام ئەوەی داهاتم بوو بە مەشرووبم دەدا. ئەوەش وایکرد شەیما سکاڵام لەسەر تۆمار بکات، بەوەی گوایە من تەنیا بۆ وەرگرتنی ئیقامە هاوسەرگیریم لەگەڵ کردووە و فریوم داوە. دوابڕیاری دادگاش لێسەندنەوەی ئیقامەکەم بوو. ماوەی دوو مانگە هاتوومەتەوە بۆ کوردستان، بەڵام باوکم بەردەوام سەرکۆنەم دەکات، نەهلە و منداڵەکانیشم ئامادە نین بمبینن. تەنیا لە ڕێگەی قوتابخانە کچەکەم دەبینم، ئەویش پشتم تێدەکات و خۆی دەشارێتەوە. خەریکە شێت بم. شێت.. شێتی تەواو...».



کامەران دوای ئەوەی جگەرەیەکی دیکەی داگیرساند، دواچۆڕی عارەقەکەی هەڵلووشی و دیسان فرمێسکە قەتیسماوەکانی ناو چاوی بەسەر ریشە تەنکەکەیدا گلار کردەوە و وەك دواقسەشی تەنیا وتی: «یەك دوو مانگ ئێرە بووەتە شوێنی خەڵوەتی من و خەمەکانم. هیوادارم هیچ پیاوێك تووشی هەڵەی وا گەورە و خەمی وا رووخێنەر نەبێت و بە دەستی خۆی ئاگر لە چارەنووسی خۆی بەر نەدات.»

**تەنیا لە ڕێگەی قوتابخانە کچەکەم دەبینم، ئەویش پشتم تێدەکات و خۆی دەشارێتەوە**

ئەگەرسەرنجی قسەکانی کاروان بدەین، دەزانین دەستپێکی وتەکانی ئەوە بوو کە بە خۆشەویستی هاوسەرگیری نەکردووە، بۆیە دواتر خۆشەویستی هاتۆتە ناو وێستگەیەکی ژیانی و تەنانەت تووشی خیانەتی هاوسەری کردووە. گەرچی لە کۆمەڵگەی داخراودا زۆرجار خیانەتی پیاوان دەشاردرێتەوە و خیانەتی ئافرەتان بەرجەستە دەکرێت، بەڵام یاسا ڕووبەڕووی هەموو جۆرەکانی خیانەت دەبێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا دەروونناسان هێما بە هۆکاری جیاواز لە ڕوودانی خیانەتی هاوسەری دەکەن کە بەردەوام شیرازەی خێزانی تێکداوە، فاکتی سەرەکیشیان ئەوەیە کە هەمیشە جۆری پەروەردەی ناوخێزان کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی لەسەر کەسایەتی و داهاتووی تاکەکانی ناو ئەو خێزانە دەبێت. واتە کەسایەتی و کێشەی سەردەمی منداڵی لە ڕوودانی هەر خیانەتێکی هاوسەری بە بەرپرس دەزانن. هەر بۆیە پێشنیار دەکەن دایك و باوکان و سیستمی پەروەردەی حکوومی بایەخێکی تەواو بە پەروەردەیەکی تەندروستی خێزانی و ئازادی لە هاوسەرگیری و تەمەنی گونجاوی هاوسەرگیری بدەن، بۆ ئەوەی شیرازەی هیچ خێزانێك تێکنەچێت و هاوسەران لە بری جیابوونەوەیان و قوربانیکردنی منداڵەکانی خۆیان، بە سۆز و مەعریفەوە هاوسەرداری و دایکایەتی و باوکایەتی بکەن و داهاتووی گەشیان مسۆگەر بکەن.

**هیوادارم هیچ پیاوێک تووشی هەڵەی وا گەورە و خەمی وا رووخێنەر نەبێت و بە دەستی خۆی ئاگر لە چارەنووسی خۆی بەر نەدات**

# مەرگی
# گوڵە شلێرێک



گوڵان: کۆمەڵایەتی

لەو کۆمەڵگانەی کە پێکهاتەکەیان سەر بە بونیادێکی پیاوسالارین، زۆر لە پیاوان بە شێوەیەك پەروەردە کراون کە بە چاوی بزێ تەماشای ئافرەتان دەکەن، واتە تێڕوانینی پیاو لەو کۆمەڵگانەدا بۆ ئافرەتان، جگە لەوەی لە هەمان گۆشەنیگای گۆشتنیی مەڕو بزنەکانیانەوە لە ئافرەت دەڕوانرێت بەوەی پێویستە خەپەو گۆشتن بن، هاوکات ئافرەتی بەشوودراو وەك ئامێرێکی زاووزێ کە بەچکەی لێ بکەوێتەوەو بەپێی ژمارەی منداڵەکانی ڕێزی زیاتریان لێ دەنرێت، کاتێك ئافرەتێك تووشی تەڵاقدان دەبێت یان بێوەژن دەکرێت، ئیتر چیتر بە چاوی ئەو ڕێزەی جارانەوە کە پێشتر خێزانداربووە لێی ناڕوانرێت، ئەمەیە بەسەرهاتی ڕاستەقینەی ئافرەتێك بە ناوی (ك) کە دوای بێوەژن بوونی بە دوو ساڵ، بە تۆمەتی ئەنجامدانی کارێکی بەدڕەوشتی دەدرێتە بەر گوللەی دەمانچە لەلایەن برایەکەیەوە، بەپێی وتەی برا تاوانبارەکەی، گوایە خوشکەکەی لەگەڵ ئەو میوانەیان کە لە شارێکی ترەوە هاتۆتەماڵیان و چەند شەوێك لایان ماوەتەوە ڕێککەوتون و درەنگانی شەوێکیان لە ناندینەکە بە سێکسەوە خەریك بوون، جگە لە خۆی، کەس ئەم کارەی خوشکەکەی و میوانەکەی ماڵیانی نەدیوە، ئەمیش تا بە دەمانچەوە گەیشتۆتە سەر سەریان، میوانەکەیان بە هەڵەداوان تێیتەقاندووەو ڕایکردووە، خوشکەکەشی کەوتۆتە بەر لولەی دەمانچەکەیەوەو لە توڕەییاندا پێکاوێتی..



باوکی ئافرەتە کوژراوەکە لە وتەکانی خۆیدا کە بۆ بنکەی پۆلیسی درکاندووە، ئەوەی تێدا ڕوونکردۆتەوە کە پێش ماوەیەك گەنجێکی کەمدەرامەتی بێکاری ناسیاویان، بە مەبەستی دۆزینەوەی کارو پارە پەیداکردن، هاتۆتە شارەکەیان و ئەمیش وەك کوڕی خۆی داڵدەی داوەو هێناویەتیە ماڵەوەو بە کاتیی تا کارو شوێنی حەوانەوە دەدۆزێتەوە لای خۆیان گلی داوەتەوە، تا شەوێکیان لە دەنگی تەق و توقی دەمانچە بە خەبەرهاتووە، کاتێك بەرەو پیری شوێنی تەقەکردنەکە ڕۆیشتووە، کچەکەی خۆی لە خەڵتانی خوێندا چاوپێکەوتووەو ئەمیش بە پەلە فڕاندویەتی بۆ نەخۆشخانە، بەڵام هەربە گەیشتنیان بۆ ئێمرجینسی و هەر لە گەراجی نەخۆشخانەکەدا ڕۆحی کچەکەی بەسەردەستی ئەمەوە دەرچووەو دوا هەناسەو گیانی سپاردووە، ئەمیش لای خۆیەوە لە بنکەی پۆلیس داوای دەستگیرکردنی ئەو گەنجە دەکات کە ماڵەکەی لێ کاول کردووە..

دایکی ئافرەتە کوژراوەکەش لای خۆیەوە باسی ئەوەی کردووە کە دوو ساڵێك لەمەوبەر کیژەکەیان لە مێردە ئارەقخۆروو ناپاکەکەی جیابۆتەوەو بە یاساش کیژەکەیان لێ جوداکردۆتەوە، ئەو ماوە زۆرەی کە ئەم کیژەیان لە ماڵە باوانیان بووە ئەمان نەیانهێشتووە بە تەنیا بچێتە هیچ شوێنێك و هەمیشە لەژێر چاودێرییاندا بووە، چونکە کیژەکەیان وەك کەسایەتی و سرووشی بیرکردنەوە هێندە شەرمنۆکە بووە، تەنانەت هەر لە منداڵیەوە هەر خۆی تەرکی قوتابخانەشی کردووەو تەنیا بە خزمەتکردنی ماڵە باوانی خۆیەوە خەریك بووە..

بەپێی وتەی بکوژەکەی ئەم ئافرەتە کە دەکاتە برای کوژراو، ئەم تاوانکردنەی دەچێتە خانە دژوارەکەی پرسی شێوازێکی کوشتنەوە کە لە یاسادا ناوی کوشتن لەسەر شەرەفیان بە یەخەدا دابڕیوە، زۆربەی جاران لەو وڵاتانەدا کە بەپێی یاسا سزایان بۆ بکوژی ئەم شێوە تاوانە دانابێت، بە هیچ کلۆجێك پشت بە دادگەی فەرمی نابەسترێت و زۆربەی جارانیش کەسیش داوا لەسەر تۆمەتبار تۆمار ناکات، جاریش هەبووە بە پشتبەستن بە نووسینگە کۆمەڵایەتیەکانی کە حزبەکان دامەزرێنەری بوون، داواکەی دادگایان داخستبێت، کە دواتر هەر بە زیانی مافی قوربانیەکە شکاوەتەوە، هەر بۆیە لە کۆمەڵگە پیاوسالارەکاندا هەمیشە ژمارەی ژنانی لەسەر شەرەف کوژراو لە هەڵکشاندایە، بەڵام لە هەرێمی کوردستان ماوەیەکە تاوانباری ژنکوژ هەر وەك هەر تاوانکارێکی مرۆڤکوژی تر مامەڵەی یاسایی لەگەڵ دەکرێت، ئەمەش لە پێناوی ئەوەدا تا هیچ تاوانێکی خوێنڕشتن بە ناوی شەرەفەوە سپی نەکرێتەوە..

لە هەرێمی کوردستان ماوەیەکە تاوانباری ژنکوژ هەر وەك تاوانکارێکی مرۆڤکوژی تر مامەڵەی یاسایی لەگەڵ دەکرێت، ئەمەش لە پێناوی ئەوەدا تا هیچ تاوانێکی خوێنڕشتن بە ناوی شەرەفەوە سپی نەکرێتەوە

واتا باوکی ئەم کوڕە بکوژەی کە خوشکەکەی خۆی داوەتە بەر گوللە بە هیچ شێوەیەك ئەم باوکەی ناتوانێت مەسەڵەت چێ بکات، کەواتە ئەو زەمانە گوزەشت کە هەر بابێك یان هەر برایەك یان هەر مێردێك لەسەر کوشتنی کیژەکەیان یان ژنەکەی سزایەکی کەم بدرێن، یان تەنیا بەوەندە بوەستێنرێن لە ناو خێڵدا بێ ئۆرت بکرێن، تەنانەت لە ناو خێڵەکاندا بابی وا هەبووە ئەوەشی لەگەڵ نەکراوەو لەم ڕووەوە شانازی بە تاوانی کوشتنی کیژەکەیەوە کردووە..

ئەم تاوانەش دەچێتە پاڵ هەموو ئەو تاوانانەی کە قوربانی تێیدا تەنیا ئافرەتەکە بووەو پیاوەکەش وەك بەرزەکی بانان قەلفڕی لێ کردووە، دەرکێشانی ڕۆحی مرۆڤێك لەلایەن هەر کەس و بەهەر هەنجەت و بیانویەك بێت نە لای ئاسمان و نە لای یاساکانی سەر زەوی ڕێگەپێدراو نییە، لەبەرئەوە پێویستە یاسا ڕێوشوێنی خۆی وەربگرێت و دەزگاکانی ڕاگەیاندن و پەروەردەو ڕۆشنبیریش زەمینەسازی بکەن بۆ هۆشیارکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگە کە لە حاڵەتی وادا پەنا ببرێتە بەر یاسا و بە حیکمەتەوە هەڵسوکەوت بکرێت..

دەرکێشانی ڕۆحی مرۆڤێک لەلایەن هەر کەس و بەهەر هەنجەت و بیانویەک بێت نە لای ئاسمان و نە لای یاساکانی سەر زەوی ڕێگەپێدراو نییە، لەبەرئەوە پێویستە یاسا ڕێوشوێنی خۆی وەربگرێت